## فلاش میمۆریش گەیشتە 128 گیگابایت

فلاش میمۆری ئێستاکە پێویستییەکی گرنگە بۆ داکردن و هەڵگرتنی داتاکان، هەتا قەبارەی داکردنی داتاکانیش لە فلاش میمۆری زیاتر بێ، باشترە، چونکە بێ نیازت دەکات لە هەڵگرتنی چەندین فلاش میمۆری یان هاردی دەرەکی.

فلاش میمۆری جۆری ED-01 هەم خێرایی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی لەسەریە و هەم قەبارەی داکردنەکەشی زۆر باشە، 128 گیگابایت. بەقەد کۆمپیوتەرێکی پێشوو. فلاش میمۆرییەکە لە هەردوو سیستەمی USB 2. USB3 سوود وەردەگرێت. دیارە جگە لەو قەوارەیە، قەوارەکانی 8،16،32،64یشی هەیە. فلاش میمۆری جۆری ED-01 گەرەنتی چەند ساڵەشی لەگەڵدایە.




## کامێرای WG1 GPS سیستەمی بەرگرییەکی بەهێز




کامێراکانی جۆری Pentax لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا لایەنگرێکی زۆری هەیە، چونکە دژە ئاوو دژە زەربەن. نوێترین کامێرای ئەم کۆمپانیایە کە بە WG1 GPS ناسراوە، جگە لەوەی دژە زەربەیە، دژە ئاوە، دژە زەختە و سەرما و دژی تۆز و خۆڵە. ئەمەی خوارەوە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کامێرایەن.

کامێراکە چەندین رەنگی هەیە، 14 میگاپیکسلە، رەنگە نارنجییەکەی سەرنجی زۆر لە بەکارهێنەرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. دەکرێ بەهۆی ئەو کامێراوە لە 10 مەتر ژێر ئاو وێنە بگری. ئەگەر لە مەودایەکی دوو مەترییەوە بکەوێتە خوارەوە گرفتێکی بۆ نایەتە پێش.

## ویندۆز8 لەدایک بوو

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت کە بەرهەمهێنەری سیستەمی ویندۆزە، سیستەمی ویندۆز7ی وەك دوایین ڤێرژنی سیستەمەکانی زۆر بە تەمەن درێژی نەهێشتەوەو هێشتا سێ ساڵ بەسەر ویندۆز7دا تێنەپەڕیوە کە ویندۆز8ی هێنایە بەرهەم. لەم ڤێرژنە ویندۆز8ەی کە کۆمپانیا تەنیا بەمەبەستی تاقیکاری بڵاوی کردۆتەوە دەبینین چەندین گۆڕانکاری تێدا پێکهێناوە کە پێشتر لە سیستەمی 7دا نەبوون. ئەمەش بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ویندۆز8ە.

• گشت ئەپلیکەیشنەکانی ویندۆز7 لەم ویندۆزەدا جێبەجێ دەبن.
• تاسك مەنیجەری ویندۆزەکە ئەو پرۆگرامانەی کە سوودیان لێوەرناگری هەڵدەپەسێرێ (بەمەبەستی خێرایی زیاتر کردن و ئازادکردنی رام).
• توانای Reset and Refresh pc گشت سیستەمەکە پاك دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی پێشوو.
• لە یەك کاتدا لە چەندین مۆنیتۆر سوود وەردەگرێ، هەروەها تایبەتمەندکردنی شریتی ویندۆز بۆ چەند مێینتۆرێك.
• پشتیوانی کردن لە توانای چەند لەمسی.
• هەروەها کۆمپیوتەرەکانی کە پرۆسیسەری کۆنیشیان لەسەرە و رامەکەیان تەنیا 1 گیگایە لەم ویندۆزە سوود وەردەگرن.
• ئەنتی ڤایرۆسی لەخودی ویندۆزەکەدا هەیە، جگە لە چەندین تایبەتمەندی دیکە.



# پرینتەرێک تایبەت بە مۆبایلی iphone



لەدەیەکانی رابردوودا زۆربەمان بیرمان دێت کە کامێراکانی جۆری کۆداك هەر لەو کاتەدا وێنەیان دەگرت و دەیاندایەوە ، یانی فیلمەکە پێویستی بەوەنەبووکە ببرێتە بۆ تاقیگا، خودی کامێراکە ئەو ئەرکەی ئەنجام دەدا، بەم جۆرە کامێرایانە دەگوتری Polaroid. کەچی لەمێژ ساڵە ئەم تەکنەلۆژییە باوی نەماوە. بەداهاتنی مۆبایل یەك دوو جار کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل ویستیان ئەم تەکنەلۆژییە بۆ مۆبایل تاقی بکەنەوە، هەرچەندە تێدا سەرکەوتن بەڵام ئەوان پێیان وایە ئیدی باوی ئەم جۆرە وێنەیە نەماوە.

مۆبایلی iPhone کە ئێستاکە لەریزی یەکەمەکاندایە، جۆرە ئامێریکی تایبەت بەو مۆبایلە بەرهەم هاتووە کە وێنەکە هەر ئەوکات لەسەر کاغەزی تایبەت بەخۆی پرێنت دەکات. ئەو ئامێرە پێیدەگوترێ Sophine. کە لەلایەن کۆمپانیای mac funamizu ەوە بەرهەم هاتووە. جگە لەوەی کە ئەرکی چاپکردنی وێنەی هەیە دەتوانێت لە کاتی کەوتنەخوارەوەی مۆبایلەکەشدا ببێتە دژە زەربەیەك بۆ مۆبایلەکە.

# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتە ڤیدیۆییەکان

چەندین جار ئاماژەمان بەوەدایەوە کە فۆرماتەکانی وێنە و ڤیدیۆیی هەموو لە یەك ستاندەر سوود وەرناگرن بە واتایەکی دیکە هەموو فۆرماتەکان وەك یەك نین، هەربۆیە ناچارین بۆ ئەوەی کە فۆرماتێك بگۆڕین بۆ فۆرماتێکی دیکە پێویستمان بە پرۆگرامێك دەبێت کە ئەم ئەرکە ئەنجام بدات. ئێستا سەدان پرۆگرام هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن، پرۆگرامی




Apex video converterیش یەکێکە لەو پرۆگرامانە. ئەم پرۆگرامە فۆرماتی زۆربەی فایلە ڤیدیۆییەکان دەگۆڕێت، هەروەها خێرایی و کوالێتییەکی باشیشی هەیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە نەتەنیا کوالیتی پرۆگرامەکان تێك ناچێت بگرە دەبێتە هۆی باشترکردنیشیان. ئەمەش بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکەیە:

- فۆرماتی چەندین فایل پێکەوە دەگۆڕێ.
- ئەگەری دیاریکردنی خاڵی دەستپێك و خاڵی کۆتایی.
- تونای کوژانەوەی ئۆتۆماتیکی سیستەم پاش کۆتایی کارەکە.
- تەنانەت فۆرماتی ئەو فایلانەش دەگۆڕێ کە قەوارەیان لە 2 گیگا زیاترە.

# ریکۆردەرێکی تایبەت به رۆژنامەنووسان

زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بەدەست گرفتی ڕیکۆردەری باشەوە دەناڵێنن کە هەم دەنگ بەباشی تۆمار بکات و هەم لەکاتی لێدانەوەشیدا کوالیتی دەنگەکە لەسەرێ بێت.

کۆمپانیای سۆنی بەبەرهەمهێنانی ڕیکۆدەری جۆری ICD-SX713/B ئەو ئامانجەی ڕۆژنامەنووسانی هێنایە دی. ئەو ئامێرە ڕامەکەی 4 گیگابایتە. توانای تۆمارکردنی بە دوو فۆرماتی PCM و MP3 هەیە. مایکەکەی ڕێکدەخرێ، هەروەها دەنگە دەنگی زیادی لادەبات. پرۆگرامێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە لەسەر کۆمپیوتەر دادەبەزێت. لەکاتی بێدەنگیدا دەنگ تۆمار ناکات. دوو بڵندگۆی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە کە کوالیتیان لەسەرێیە.





## هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

یەکێك لە خوێنەرانی بواری IT ئەم پرسیارەی بۆ هاتۆتە پێش کە دەڵێت بەهۆی ئەوەی ئەرکەکەم وا دەخوازێت پێویستم بەوە هەیە کە سایتێك بەتەواوی و بەهەموو لینکەکانییەوە دابەزێنمە سەرکۆمپیوتەرەکەم، چونکە هەروەك دەزانن ئینتەرنێت لەلای ئێمە لە نزمی و بەرزی دایە بۆیە دەمەوێ لەکاتێکدا کە هێڵی ئینتەرنێتیشم نەما بتوانم سود لە سایتە داونلۆد کراوەکە وەربگرم. زۆر پرۆگرامم تاقیکردونەتەوە، بەڵام توانیویانە تەنیا یەك لاپەڕەم بۆ دابەزێنن، ڕێنوێنیم بکەن چ پرۆگرامێك بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنم.

خوێنەری هێژا ئێوە دەتوانن لە پرۆگرامی HTTrack سوود وەربگرن، ئەم پرۆگرامە سایتێکت بەتەواوی بۆ دادەبەزێنێت، هەروەها دەتوانیت خۆت ڕێکی بکەی کە ئایا لەو سایتەدا تەنیا دەقەکەت دەوێ یان وێنەکان یان فیلمەکان. بۆ دابەزاندنی پرۆگرامەکەش دەتوانی سەر لەو سایتە بدەی. http://www.httrack.com/

## تەبلێتەکەی ئاسۆس هەنگاوێک بەرەو تەکنۆلۆژیای نوێ




کۆمپانیای ئاسۆس کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی ئامێرەکانی دیجیتالی لەم دواییەدا تەبلێتی جۆری Asus Eee slate ی بەرهەم هێنا کە تایبەتمەندی تەبلێتەکە بە بەراورد بە هاوشێوەکانی خۆی لەسەرووترە.

ئەم تەبلێتە لە سیستەمی بەگەڕخەری ویندۆز7 سوود وەردەگرێ، بەو کیبۆردەی کە لەگەڵیدایە بە ئاسانی دەبێتە لاپتۆپ، ئەگەر تەبلێتێکتان دەوێت کە وەك لاپتۆپ کەڵکی لێوەرگرن ڕەنگە تەبلێتەکەی ئاسۆس گونجاو بێت. یەکەی لێکدەرەوەی ناوەندی واتە پرۆسیسەری ئەم تەبلێتە لە جۆری Core i5ە، بەهۆی کیبۆردێکی بلوتوسەوە دەبێتە لاپتۆپ. لەلای سەرەوەی ئامێرەکە دوگمەیەك بۆ داخستنی سوڕانی شاشەکە هەیە، لەلای خوارەوەشی چەندین کەلێن هەن بۆ دانانی ئامێرەکانی وەك کامێرا، فلاش میمۆری. کارت میمۆری..تاد.

تایپ کردن بە کیبۆردی مەجازی تەبلێتەکە زۆر ئاسانترە لە تەبلێتەکانی دیکە، ویندۆز7 بۆ تەبلێت و ئامێرەکانی دیکەی لەمسی دروست نەکراوە، هەربۆیە ویندۆز7 لەگەڵ ئەم ئامێرە گرفتی خۆی هەیە، بەڵام مایکرۆسۆفت بەڵێنی داوە لە ویندۆز8 دا ئەم گرفتە نەهێڵێ. گرفتێکی دیکەی تەبلێتەکە لە باترییەکەی دایە کە لە ماوەی 3 کاتژمێر و نیو باترییەکەی دادەبەزێت کە ئەمە بۆ تەبلێتێکی وا ماوەیەکی کەمە.

## بە جەستە بچوک ب...




کۆمپانیای زوتاك، کە زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی کارتی گرافیکیدا ناسراوە، لەم ماوەیەدا کۆمپانیاکە بە دروستکردنی بەرهەمێکی نوێ بەناوی ZBOXەوە سەرقاڵە. ZBOX لە ڕاستیدا زنجیرەیەك Mini –PC (واتە کۆمپیوتەری بچووك)ن. بەڵام گشت کردارەکانی کۆمپیوتەری گەورە

## ئۆتۆمبێلی مەرسیدس



# چەند زانیارییەک لەبارەی تەلەڤزیۆنی هۆشمەندی Smart TV



تەلەڤزیۆن ئەو ئامێرەی میدیا و گەیاندن شانبەشانی رادیۆ ساڵیانی ساڵە شوێن و پێگەی خۆی لەدەست نەداوە، بەداهاتنی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر تا رادەیەك لە گرنگی تەلەڤزیۆن کەم بووە، بەڵام بەداهێنانی تەلەڤزیۆنی هۆشمەندی جۆری Smart tv نەتەنیا رۆڵی تەلەڤزیۆن کەم نەبووە، بگرە زۆریش زیاتر چووە سەرێ، ئەم تەلەڤزیۆنە وەك کۆمپیوتەر لەگەڵ هێڵی ئینتەرنێت لە پێوەندی دایە، لە خزمەتگوزاری ئۆنلاینی ڤیدیۆیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سوود وەردەگرێ. هەروەها بە ئاسانی لەگەڵ کۆمپیوتەریش لە پێوەندی دایە و دەکرێ لەگەڵ کۆمپیوتەر زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵام دەستەواژەی smart tv بۆ یەکەمین جار لەلایەن سامسۆنگەوە ناسێنرا، پاشان کۆمپانیای LG و فلیپیش پەرەیان پێدا. بەهەرحاڵ تەلەڤزیۆنی هۆشمەند بەو تەلەڤزیۆنانە دەگوترێت کە شوێنی کۆمپیوتەر دەگرنەوە.

## ـــەڵام بە کردەوە مەزن



ئەنجام دەدەن. لەم دواییانەدا کۆمپانیای ناوبراو کۆمپیوتەرێکی بەناوی ZBOX nano AD10 بەرهەم هێناوە، کە وەك لەوێنەکەدا دیارە دەبینین قەبارەکەی زۆر بچووکە، بەجۆرێك کە لە پەنجەکانتادا جێگەی دەبێتەوە. بچووکیەکەی نە تەنیا لە کارایی کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو چەندین تایبەتمەندی نوێی تێدایە وەك سیستەمی IR واتە سیستەمی وەرگرتنی تیشکی سەرووی سوور، لەگەڵ ریموت کۆنترۆڵێکی تایبەت بە windows media center. پرۆسیسەری کۆمپیوتەرەکە 1.6 گیگایە. دوو کەلێنی USB 3.0ی لەگەڵدایە، هارددیسکی کۆمپیوتەرەکە 320 گیگایە.

## F125 سەرووی تەکنەلۆژیا



لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە ئۆتۆمبێل لە کۆمەڵێك ئاسن و جام و تایەوە خۆی دەرباز دەکات و بەرەو جیهانی تەکنۆلۆژیای دیجیتالی هەنگاو دەنێ، ئیدی لەم دەیەی لە پێشمانە ئۆتۆمبێل گۆڕانێکی بنەڕەتی لەخۆیدا دەبینێ، نموونەکانیشی لە مەرسیدس F125 دا خۆی دەبینێتەوە. کۆمپانیای مەرسیدس بێنز کە تەمەنی بۆ 125 ساڵ دەچێت، دیمەوێ لە داهاتوودا گۆڕانێکی جدی لە مەرسیدسدا پێکبێنێ. ئەو ئۆتۆمبێلە کە تەنیا بە باتری کار دەکات و تەواو دۆستی ژینگەیە، شوێنی 4 کەسی هەیە، شۆفێرەکە رۆڵێکی ئەوتۆ لە لێخورینی ئۆتۆمبێلەکەدا نابینێ، یانی تەنیا بە شێوەی لەمس، یان فەرمان پێکردن بە قسە، یان ئاماژە دەکرێت گشت فەرمانەکانی تایبەت بە لێخورین جێبەجێ بکات. بۆ نموونە، "برۆ، راوەستە، بۆ لای چەپ، یان راست، خێراییت زیاتر بکە، کەمی بکەوە...تاد" بریار وایە بەم زووانە سیستەمەکەی گۆڕانی بەسەردابێت و لە هیدرۆژنەوە وزە وەربگرێ، هەرچەندە ئێستاکە 1000 کیلۆمەتر بەبێ پڕکردنەوەی وزە کار دەکات. هەیکەلی ئۆتۆمبێلەکە لە جۆرە پلاستیکێکی سووك دروستکراوە.

# ڤیدیۆ پرۆژکتەرێک هاردی ناوخۆیی هەیە

ڤیدیۆ پرۆژکتەر ماوەیەکە لە جیهانی دیجیتالیدا بازاڕی گەرمە، ئامێرێك لەهەندێك جێگادا شوێنی سینەما دەگرێتەوە. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك ڤیدیۆپرۆژکتۆری جۆری TS-102 بەرهەم هێناوە کە لەناوخۆیدا کۆمپیوتەرێکی بچووکی تێدایە.

ئامێرەکە بە باتری کار دەکات و شەحن دەبێتەوە. لە هەر شەحنکردنەوەیەکدا 80 خولەك فیلم بە شێوەی سینەمایی بڵاودەکاتەوە. جگە لە فیلم توانای نیشاندانی کتێبی ئەلکترۆنی، دۆکیۆمێنتەکانی ئۆفیس، گەمەی کۆمپیوتەری، فایلی مۆسیقی و ڤیدیۆیی هەیە. هاردی ناو ئامێرەکە 8 گیگایە. دەکرێ بیبێتە 16 گیگاش. وێنە بە کوالیتی 800×600 پیکسل بڵاو دەکاتەوە، دەکرێ هەتا 100 ئینج نیشاندانەکە گەورە بکرێ. ئامێرەکە لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. سیستەمی Wi-Fiی لەگەڵدایە، دەکرێ بەهۆیەوە گەشت لە ئینتەرنێتدا بکەی.

